# پاش فشارێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و بەدوای نارەزایەتی تووندمان لەدژی سیاسەتی بەزۆر گەڕانەوەی پەنابەران بۆ کوردستان سەرەنجام ئەم ڕیکەوتنە نهێنیەی نێوان حکومەتی هەرێم و دەوڵەتی بەریتانیامان بۆ ئاشکرا بوو

## گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆنی سەرتاسەریی پەنابەرانی عێراقی لە بەریتانیا

### سازدانی: سەعید ئەحمەد

**ئۆکتۆبەر: لە گەشتێکی کورتتدا کە لەم ماوەیەدا بۆ کوردستان کردت، کۆمەڵێك چالاکی چڕوپڕتان ئەنجامدا، لەوانە چەند کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی. پرسیاری ئێمە ئەوەیە بەم گەشتو کۆنگرانە دەتەویست چ پەیامێك بە خەڵکی کوردستان بگەیەنیت؟**

دەشتی جەمال: هۆکاری گەرانەوەم بۆ کوردستان گەیاندنی پەیامی نارەزایەتی پەنابەرانی کورد بوو لەدەرەوەکە لەکۆبوونەوە و خوپیشاندانەکانیاندا بەرزیان کردبووە بۆ حکومەتی هەریمی کوردستان وخستنە رووی داواکاریەکانیان بەئاراستەی راگرتن و هەڵوەشاندنەوەی ئیتفاقیەی نیهینی نیوان حکومەتی هەریمی کوردستان و وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا، بەتایبەتی کەپەیوەندییەکی ئاوا دەستی دەولەتی بەریتانیای ئاوەلاکردووە کە هیرش بکاتە سەرپەنابەران و دیپۆرتیان بکاتەوە. ئیمە دوای چەند جار کۆبوونەوەی رەسمی نیوان نوێنەرانی رێکخراو و مەڵبەندە کوردی وعیراقیەکان وبەئامادەیی نۆینەری بالۆیزخانەی عیراقی لەلەندەن و نوێنەری حزبەکان و پاش فشاریکی گەورەی کۆمەلایەتی و بەدوای نارەزایەتی تووندمان بەدژی سیاسەتی بەزۆر گەرانەوەی پەنابەران بۆ کوردستان سەرەنجام ئەم پەیوەندیە نیهنیەی نیوان حکومەتی هەریم و دەولەتی بەریتانیامان بۆ ئاشکرا بوو و پەردەی لەسەر هەلدرایەوە. ئەوەبوو نوینەری حکومەتی بەریتانیا پێیان راگەیاندین کە رێکەوتنێکی نهینی لەساڵی 2005دا لەنێوان حکومەتی هەریم و وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا سەبارەت بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد، ئیمزاکراوە. ئیستاش کەئەم راستییە ئاشکرا بووە ئیمە وەك فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی کەمپینیکی فراوانمان بەدژی ئەم پەیوەندیە و سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران بەری خستووە و لەچەندین شاری بەریتانیا خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەریمان بەرێخستووە، لەم چوارچیوەیەشدا گەرانەوەم بۆ کوردستان و هەولدان بۆ ئیبرازکردنی ئەم مەسەلەیە لەکوردستان بیگومان کاریگەری دەبی بەتایبەتیش کەلەم بارەیەوە نامەیەکم ئاراستەی بەرێز نیچیرەڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەریمی کوردستان کرد وەك لایەنێکی مسول بەرامبەر بە چارەنووس و ئایندەی پەنابەرانی کورد کە تیادا داوام کردبوو ئەگەر سیاسەت و ریکەوتن نامەیەك لە ئارادایە لەگەل دەولەتی بەریتانیا بەتەواوی پیچەوانەیە لەگەل خواست وبەرژەوەندی پەنابەرانی کوردستان و بەزیان وزەرەری ئەوان وکەسوکاریان لەناوخۆی کوردستان تەواودەبێت. ئاگادارم کردەوە کە دەولەتی بەریتانیا پەیوەندیکی ئاوای کردۆتە بەهانەیەك بۆ هێرش بردنە سەر پەنابەرانی کوردستان. وەئەم چەند خواستەم خستە روو کە جیٚ بەجیٚ بکەن کەخواستی ئێمەو تەواوی پەنابەران بوو:

1- ئەو پەنابەرە کوردانەی بەزۆر رەوانەی کوردستان دەکرێنەوە قبول نەکەن.

2- هەموو ئەو ئیتفاقیانە هەڵوشیننەوە کە لەسەر ناردنەوەی پەنابەران ئیمزاکراوە، وە رەسمەن ئەمە بگەیەنن.

3- فرۆکەخانەی هەولێر مەخەنە خزمەتی ئەو وولاٚتانە کە بەنیازن پەنابەرانی کورد بەزۆر بنێرنەوە.

خەڵکی کوردستان کەخویان کیشەیان کەم نییەو روژانە لەگەل کیشەو گرفتی بیٚ ئاوی و بیٚ کارەبایی و نەبوونی خزمەتگوزاریەکان و گەندەلی سیاسی و ئیداری ئەم دەسەلاتانە بەرەو روون وا ئیستاش کیشەی دیپۆرتی رۆلەکانیشیان بۆزیاد دەبی کە سالاٚنێکی زۆرە ئازیزان و خۆشەویستانی خۆیان جێهیشتوە وە تەنانەت بوونەتە سەرچاوەیەکی بژیوی ژیانیان کەچی حکومەتی هەریمی کوردستان لەدەرەوەش دەست لەیەخەی روولەکانیان ناکاتەوەو ناهێلێت ژیانێکی ئاسودەو ئارام بەسەر بەرن. دوو کۆنگرەی رۆژنامەگەریم لەسلیمانی و هەولێر دانا بۆ گەیاندنی ئەم پەیامەو نارەزایەتی و قسەو باسکردن لەسەر کیشەو گرفتەکانی پەنابەرانی کورد لەدەرەوە بە هەدەفی بزوواندنی رای شەقامی کوردی و رێکخراوو نیهادە جەماوەریو پیشەییەکان و رۆژنامەو کەناڵی تەلەفزیون و ناوەندی میدیاکان بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی هەریمی کوردستان لەپێناو هەلوەشاندنەوەی ئەو ریکەوتنانەی لەسەر ژیانی پەنابەرانی کورد ئیمزا کراوە، هەروەها راکیشانی پشتیوانی ئەحزاب و رێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و رێکخراوی مافی مرۆڤ ولایەنەکان و کەسوکاری ئەو پەنابەرانەی هەرەشەی ناردنەوەیان لەسەرە تا بەهەموو بتوانیین هاوشانی کەمپینی فیدراسیۆن بەر بەم سیاسەتە دژی ئینسانییە بگرین و ریگا نەدەین سات و سەودا و بازرگانی بەژیانی پەنابەرانی کوردستانەوە بکرێت و ئەو زەخت زۆرە لەسەر پەنابەران هەڵبگیریٚ. هاوکات لەم سەردانەدا چاوم بەژمارەیەك لەبەرپرسیارانی حزبە کوردستانی یەکان و کەسایەتی و ئەندام پەرلەمان کەوت وە هەروەها لەگەل ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەکانی کوردستان و کەنالەکانی راگەیاندن چاو پێکەوتنم ئەنجام داو چاوم کەوت بە کۆمەڵێك لەو پەنابەرانەی بەزۆر گەراونەتەوە کوردستان.

**ئۆکتۆبەر: کاردانەوەی خەڵك، میدیاکانی کوردستان و دەسەڵات چی بوو بەرامبەر بەم پەیامەت بۆیان؟ چەندە مەسەلەکەیان بەلاوە گرنگ و حەساس بوو و بەدەم قسەکانتەوە هاتن؟**

دەشتی جەمال: جێگەی پێشوازیەکی گەورەی خەڵکی کوردستان بوو ئەوانیش نارەزایەتی توندیان بوو بەرامبەر بەحکومەتی هەریمی کوردستان سەبارەت بە رێکەوتن و ساتسەودا بە ژیانی رۆڵەکانیانەوە وە بەچەند زمان ئەمەیان دەوت، لەسەردان و پەیوەندی تەلەفۆنی بەمنەوە تا ئامادەیی بۆ هەرکارێك بەوان بکرێت لەکوردستاندا، زۆر خۆشحال بوون کە رێکخراوەیەکی وەك فیدراسیۆن هەیە لە سەنگەری بەرگری لەمافەکانی پەنابەرانی کوردستان راوەستاوە وە زۆر پرسیاریان دەکرد لەسەر ئەوەی کە فیدراسیۆن چ کارێکی لەدەستووردایە بۆ بەرگرتن بە سیاسەتی بەزۆر گیرانەوەی پەنابەران، زۆر نیگەران بوون لەدەسەلات لەکوردستاندا دەیان ووت (مەگەر پەنابەرێك لەدەرەوە چ زەرەرێکی لەوان داوە وازیان لیناهێنن.. دەیانەویت رۆڵەکانمان بنیرنەوە بەکوشتی بدەن لە بەغدا.. چوونکە زۆریان بۆ ئێمە کردوە تا ژیان و پیداویستیەکانی ئەو گەنجانە وەلام بدنەوە.. کاریان زۆر داوە بە ئێمە جا ئەوانیشی بچیتەسەر؟؟؟؟ و دەیان نارەزایەتی تر..

میدیاکانی کوردستان زۆربەیان لەو کۆنگرە رۆژنامەگەریانەدا بەشداریان کرد و هەمان رۆژ هەواڵەکان و پەیامی ئەم کۆنگرە رۆژنامەگەریان بلاو دەکردەوە، دەسەلاتداران لەبەرامبەر فشاری ناوەندی راگەیاندن و میدیاکاندا ئەوانیش بە پیچەوانەوە کەسانی خۆیان هینایەوە نیو کەنالی تەلەفیزیون و جارێکی تر خۆیان دەکردە ریش سپی پەنابەران گوایە ئەوان لەگەل بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران نیین، لەوەلامی نامەکەی مندا سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەی راگەیاند (ئێمە ئیتفاقیەی نهینی رەت دەکەینەوە کە لەمەر ژیانی پەنابەرانی کوردەوە کرابێت.. دەسەلاتی سلیمانی گوێی خۆیان لێ کەر دەکرد دەیان خستە سەر حکومەتی هەریم وەك ئەوەی ئەوان تەرفێکی ئەو حکومەتە نەبن، دکتور نوری سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لە پەیامێکی تەلەفۆنی کە بۆ بەشدار عەلی نۆینەری فیدراسیۆن لە هەولێر دایان ناوە سەبارەت بە نامەکەی من ئەوەیان ووتوە گوایە ئەوان هەیئەتی تەنفیزین و ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە وە دواتریش بۆ رای گشتی و ئاژانسی پەیامنێر ئەوەیان راگەیاند ئەوان ئاگایان لە ئیتفاقیە نی یە کرابێت.. بە جۆرێك هەریەکەیان خەریکی شان خالی کردن بوون لە چارەسەرکردنی ئەم کیشەیە بەداخەوە ئەوان نەیان وویست لەموقعیتی بەرپرسیاریەوە لەپشتی خواستەکانی پەنابەرانی کورد راوەستن، ئەوە ئاشکرایە بەرێوەچوونی ئەو پرۆسەیە بەبێ هاوکاری ئەوان بەسەر ئەنجام ناگات و ئەوان قازانج و بەرژەوەندی و کورسی یەکانی خۆیان بۆ مەسەلەیە تا قازانج و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان.. ئەگەر چی من لەم هەنگاوو لێدوانە رەسمییەیان پێشوازیم کرد کە ئەوان ئیتفاقیەی رەت دەکەنەوە وە رام گەیاند ئەمە تەواوی ئەو خواستانە نی یە کە پەنابەران خستوویانەتە روو ئەگەر بەراستی ئەوان لەگەل ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران نین ئەوا چەند رۆژی داهاتوو رۆژێکی چارەنووس سازە وە حکومەتی هەریم لەبەردەم تەجروبەیەکی گەورەیە و ئەنجام دانی مسولیتێکە. حکومەتی بەریتانیا بریارە 12-2 کۆمەڵکی تر لە پەنابەران بگیریتەوە ئەوا با ئەوان فرۆکەخانەی هەولێر نەخەنە خزمەت دەولەتی بەریتانیا و ئەو پەنابەرانەی بەزۆر رەوانە دەکرێنەوە وەر نەگرنەوە.

**ئۆکتۆبەر: ئێوە وەك فیدراسیۆن چ کارێکتان لەبەرنامەدایە بۆ وەستانەوە بەرامبەر بەم شەپۆلی ناردنەوەیەی پەنابەران؟ چ کارێکتان خستۆتە ئەستۆی خەڵکی کوردستان و ئەوان دەتوانن چ کارێك بکەن بۆ بەرگرتن بەم کارە نائینسانیەی حکومەتی بەریتانیا؟**

دەشتی جەمال: ئێمە هەروەك پێشتر رامان گەیاند کەمپینێکی سەرتاسەریمان راگەیاندوە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم سیاسەتە دژی ئینسانییەی دەولەتی بەریتانیا. لەوانە زنجیرەیەك خۆپیشاندانمان راگەیاندوە لەشاری مانچستەر و لیستەر و لەندەن و شارەکانی تر، کەمپینی ئیمزاکۆکردنەوەمان راگەیاندوە پەیوەندیمان کردوە بە رێکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی وەUNHCR و چەند ئەندام پەرلەمانی بەریتانیاو ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا و بەرەیەکی دژی ناردنەوەی پەنابەران بۆ عیراقمان پێك هێناوە کە چەندین رێکخراوو نیهادی پەنابەری و ئینسانی و لایەن و ئەندام پەرلەمان ئەندامە تیاداو کاری جدی دەکەن بۆ بەرگری لەخواستەکانی پەنابەران، بەم زووانە بانگهیشت کراوم بۆ کۆبوونەوەیەك لەجنیف بۆ شکایەتکردن لەدەولەتی بەریتانیا وە لەکۆتایی ئەم مانگەدا کۆبوونەوەمان داناوە لە پەرلەمانی بەریتانیا.. هاوکات سەبارەت بەو پەنابەرانەی گیراون هەر ئیستا پارێزەرمان بۆ زۆریان گرتووەو چەند پەنابەرێك بە کەفالەت ئازاد کراوە.. بەداخەوە هەواڵمان هەیە پەنابەرێك لە گرتووخانەی دەستبەسەر خۆی کوشتوە، هیوادارم ئەم هەواڵە وانەبێ وە پەنابەرێك لەکوردستان لەتەقینەوەی کەرکوك بەناوی (سعد اللە کاکل) گیانی لەدەست داوە. هەردۆینی شەو پەرنامەیەکی تەلەفیزیونی لەسەر ئەم مەسەلەیە پێشکەش کراو رای گشتی زۆر لەم سیاسەتەی دەولەت توورەیە. داوامان کرد لە خەڵکی کوردستان و کەسو کاری ئەو پەنابەرانە خۆپیشاندان بەرنە بەردەم حکومەتی هەریمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و UNHCR لەکوردستان تا دەست لەم سیاسەتە دژی ئینسانی یە هەڵگرن و پەنابەران بەزۆر رەوانە نەکەنەوەو ئەو زەختو زۆرە لەسەر پەنابەرانی کوردستان هەڵگرن... هاوکات ئەحزاب و رێکخراوە جەماوەری و

پێشەییەکان نامەی نارەزایەتی بنوسن ورۆژنامەکان گۆشەیەك لەرۆژنامەکانیان تەرخان بکەن بۆ کیشە و گرفتەکانی پەنابەران لەدەرەوەو ئاورێکی جدی بدەنەوە بۆ هاوکاری کردنیان.. ئێمە پێمان وایە پەنابەرانی کورد قوربانی ناجیگیری و هەڵواسراوی و نادیاری چارەنووسی کوردستانن، ئەگەر دەولەتێکی غەیرە قەومیو غەیرەدینی ومافی هاولاتی یەکسان و دەولەتێکی سەربەخۆ وئازادو یەکسان و ئاسودە لەکوردستاندا ببوایە هیچ کەس ناچار نەبوو ریگای هات و نەهات و مەرگ هەڵبژیریت تەنها لەپێناو ئەوەی لەژیانێکی ئارام و ئاسودە بەهرەمەند بن.